# كاريكاتۆرى ( نۆستەردامۆسيى ) چەپى مەريخى لە زمانى حميد تقوائى يەوە

عرفان كريم
arfan96@yahoo.de

لەبەروارى 20.11.05 ليدەرى حزبى كۆمونيستى كريكاريى عيراق (ريبوارئەحمەد)ليدوانيكى بۆ راى گشتى راگەياند سەبارەت بە كيشەى نيوان ئەم حزبە و يەكيتى نيشتمانى كوردستان كە تيايدا ئاماژە بە راگرتنى يەكلانەى ئەو بارگرژيە دەكات لەلايەن حزبى كۆمونيستى كريكاريى عيراقەوە , ئەو بارگرژيەى كە لەنيوان ئەم دوو لايەنەدا لە ئەنجامى رووداوى چواردەى تەمموزى سالى 2000 و پەلامارى چەكدارانەى هيزەكانى يەكيتى نيشتمانى كوردستان بۆ سەر بارەگاكانى حزب وداخستنى و دەستبەسەراگرتنى مومتەلەكاتى ئەم حزبەوە هاتۆتەكايەوە , لە ليدوانەكەدا ريبوار ئەحمەد هۆكارەكانى ئەم دەستپيشخەريەى روونكردۆتەوەو دەلى [ ئيمە وەكو هەست بە ليپرسراويتى بۆ گونجاوكردنى فەزاى سياسى كۆمەلگاى كوردستان بە قازانجى بواركردانەوە بۆ دەخالەت و هاتنە مەيدان وقەزاوەتى سياسى هۆشيارانەى خەلك , بەتايبەتى كە بزوتنەوەى جەماوەرى لە پيناو ئازادى و پيداويستيەكانى ژيان رووى لە گەشەو هەلدانە , هەروەها لەو روانگەيەوە كە ئەم فەزاى كيشمە كيش و باررگرژيە بەقازانجى خەلك نازانين , لەو رووەوە كە پيمان وايە قازانجى خەلك و ئازادى لەفەراهەم كردنى فەزايەكى سالمى سياسى و ئارامدايە كە بوار بۆ بوژاندنەوەى ئيرادەو دەخالەتى هۆشيارانەى جەماوەر بكاتەوە] .

پاش بلاوبووەنەوەى ئەم راگەياندنە (حميد تقوائى ) ليدەرى حزبى كۆمونيستى كريكاريى ئيران زۆر بەدەست وبرد لەسەرسايتى( روزەنە )نوسراوەيەكى رەخنەگرانەى لەبەرامبەردا بلاوكردۆتەوە لە ژير ناوى (ئالاى سپى لە بەرامبەر سەرۆك تالەبانى دا , ريبوار ئەحمەد لەسەر ريگايەك كە دووى خوردادى بە كۆتايى گەياند ) كە بە حەماسيكى توندى چەپرەوانەوە حميد تەقوائى بەشوبهاندنى ئەم هەلويستەى حزب بە هەلويستى ( دوو خورداديكان ) واتە ( خەتى ئيسلاحخوازى خاتەمى سەرۆكى پيشووى جمهورى ئيسلامى ئيران ) دەيەوى بيسەلمينى كە حزبى كۆمونيستى كريكاريى عيراق دووچارى سازشكاريى بووە لەگەل دەسەلاتى ناسيوناليستى كورد لە عيراقدا , لەم نوسراوەيەدا حميدى تەقوائى قودرەتى خارق و توانايى ( نۆستەردامۆسى ) خۆى بۆ خويندنەوەى چارەنوس و داهاتوو و ( بەختى ) سياسى حزبى كۆمونيستى كريكاريى عيراق هيندە بەهيز نيشانداوە كە بە چاوخشاندنيكى خيرا و چەند خوولەكى بە نيو رستەكانى راگەياندنەكەى ريبوار ئەحمددا راستەوخۆ لە ئاوينەى ئايدۆلۆجيا وتيۆرى شۆرشگيرانەى چەپگەرايەوە بينيوەتى كە چۆن وا حزبى كۆمونيستى كريكاريى عيراق لەسەر ميزى گفتو گۆو سازشكاريى دا لەگەل حكومەتى مەركەزى عيراق و ئەمريكا و تالەبانى دا پيكەوە دانيشتوون و دەلى [ بەياننامەكەى ئەمرۆى ريبوار ئەحمەد لە واقيعدا راگەياندنى دەستهەلگرتنە لە سياسەتە راديكالەكانى دوينى ,يەكيتى نيشتمانى هەر ئەو هيزە كۆنەپەرستەيە كە هەبووە , ئەوە حزبى كۆمونيستى كريكاريى عيراقە كە گۆراوە ...., ئاگر بەست و كۆتايى هينانى يەكلايەنە بە كيشمەكيش و فەزاى نيزامى و بەليندان بە بەرقەرار كردنى فەزايەكى ئارامى سياسى وچى وچى كە بەياننامەكە پريەتى لەمانە , هەمووئەمانە بەزمانى روونى سياسى واتە دەستهەلگرتن لە سياسەتى رەخنەگرانە لەبەرامبەر ناسيوناليستى كورد وسازشكردن لەگەل يەكيتى نيشتمانى و دەولەتە ناوبراوەكەى لە كوردستان !] دواتر حميد تەقوائى هەربەم حەماسەت وهەلچوونى( شۆرشگيرانەيە)وە ئالاى كۆمونيزمى كريكارى لە حزبى كۆمونيستى كريكاريى عيراق دەستينيتەوەو مەداليياى هەقانيەت و ئەم ئالايە دەدات بە (حزبى كۆمونيستى كريكارى چەپى عيراق ) وات ئەو حزبەى كە لە كۆنگرەى پينجەمى (حكك ئيران ) دا دروست كرا و دەلى [ ئالاى كۆمونيزمى كريكاريى

بەتەواوی لە دەستی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی چەپی عێراقدا راگیراوە ..... , ئەم بەیاننامەیە سەنەدێکی ترە بۆ هەقانییەتی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی چەپی عێراق ] . ئەوەی کە ئەم (تەنەبوئات ) و(ئالأ وەرگرتنەوەیە)ی حمید تەقوائی چەندە دروستە لەبەرامبەر حزبی کۆمونیستی کرێکاریی عێراقدا , دەکرێت بەسادەیی و بەئاشکرا هەر ئێستا ببینرێت بەتایبەت وا پرۆسەی گاڵتەجاری بەناو هەڵبژاردن لە عێراق وکوردستاندا دەستپێدەکات , بەلأم ئایا هۆکاری ئەم هەڵچوون و بێدرایەتی سیاسی یەی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی ئێران چی یە لەبەرامبەر رابەری حزبی کۆمونیستی کرێکاریی عێراقدا وە لەکوێوە سەری هەڵداوە ..؟ لەراستیدا بۆ کەسێک کە پەیوەندیەکانی ئەم دواییانەی نێوان ئەم دوو حزبەی چاولێکردبێت ( واتە حکک عێراق و حکک ئێران ) بە ئاشکرا مەودایەکی فراوان لە نێوان دوو بەرەی جیاوازو دوو جەرەیانی جیاواز لە پراکتیک و وکردەوەی سیاسیدا بەدیدەکات بەتایبەت بەدوای هەڵوێست و کاردانەوەی غەیرە سیاسی رابەری حزبی کۆمونیستی کرێکاریی ئێران لە بەرامبەر حزبی کۆمونیستی کرێکاریی عێراقدا بەهۆی روداووی دووکەرتبوونی (حکک ئێران ) لە ساڵی رابووردواو و پشتگیریکردنی رابەری حزبی کۆمونیستی کرێکاریی عێراق لە حزبی کۆمونیستی کرێکاریی ئێران ـ حیکمەتیست , واتە لەدوای ئەم رووداوەوە حزبی کۆمونیستی کرێکاریی ئێران بەگرتنەبەری سیاسەتی (سزادانەکان ) بەئەندازەی رێکخراوێکی جەماوەری یاخود مەدەنی و پێشکەوتنخوازیش پشتگیری لە سادەترین سیاسەت و خەبات و خواستە ئینسانی یەکانی حزبی کۆمونیستی کرێکاری عێراق لە نێو سیناریۆی رەشی جەنگی تیرۆریستەکاندا نەکردوە و بەڵکو بە پێچەوانەوە دەستەیەک لە ئەندامانی پێشووی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی عێراقی کۆکردۆتەوەو ناوی لێناون ( حزبی کۆمونیستی کرێکاریی چەپی عێراق )کەمەهام وکارو کردەوەی سەرەکیان بریتی یە لە فوکردن بە فەتوا سیاسیەکانی حمیدی تەقوائی یە لەبەرامبەر رابەری حزبی کۆمونیستی کرێکاریی عێراقدا ,

بەلأم ئەم هەڵوێستەی لیدەری حزبی کۆمونیستی کرێکاریی ئێران تەنها لەوەوە نایەت کە حزبی کۆمونیستی کرێکاریی عێراق پشتگیری لە حزبی حیکمەتیستەکان کردوە , بەڵکو بەیانێکی واقعی و تەعبیرێکی رۆشنە لە لێکدانەوەیەکی نادروست و هەڵوێستگیریەکی چەپی سوونەتی یە کە خۆی لەپشت ( رستە شۆرشگێریەکان ) و دروشمە ( بریقەدارەکان ) دا حەشاردەدات , ئەو چەپگەرایی یەی کە لە نێو دونیای تەڵخی ئایدۆلۆجی و سەرلێشواوی تیۆری دا ( ووشە نامۆکان ) دەبنە کێشەیەکی مەزن لەلای و لە ئاسمانی دوور لە سیاسەتی واقعی نێو کۆمەڵگا و جەنگی دەسەلأت لەنێو هێزە سیاسی یەکاندا و لەسەرووی کۆمەڵگاوە و بەبێ لێکدانەوەیەکی دروست و رۆشن لە سەر بارودۆخ و جێگاو رێگای هێزە کۆمەلأیەتی یەکان وچۆنیەتی هەڵخراندن و هێنانە مەیدانی چینی کرێکار لەخەبات وتێکۆشانی سیاسی دا بەهەموو کردەوەیەکی سیاسی ( ناخوازیار ) بەدەنگی بڵند هاوار دەکات و دەڵێ( نا) , وە زۆر جار ئەم جۆرە لە هەڵوێستگیری چەپگەرایی یە خۆی لە وێنەی کاریکاتۆرێک و فوکاهیەکی سیاسی و جۆرێک لە کۆمیدیا ـ تراجیدیایەک نمایشدەکات کە تەنها شایەنی بەزەیی و پێکەنینە .

**04.12.2005**